ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦

هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بڕگەی(ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆی بەرکار ژمارە (٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤) و دوابەدوای ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان و ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی٢٠٢٥ تایبەت بەهەموارى یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٢، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بەدەرچووانی ئەم هەمواره ڕێنماییە :

ماددەی (١):

زیادکردنی برگەی(٧) لە ماددەی چواردەم لە ڕێنمایی ژمارە(٢ی ساڵی٢٠٢٢)بەم شێوەیەی خوارەوە:

٧- تابلۆی هەناردەکردن .

ماددەی (٢):

زیاد کردنی بڕگەیە لە ماددەی حەفتەم لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٢ کە دەبێتە زنجیرە (پێنجەم)بەم شێوەیەی خوارەوە :

پێنجەم: نووسینی سەر تابلۆی هەناردەکردن بە ڕەنگی(سوور) چاپدەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هێمای(IRQ)و(KR) لەلای چەپی تابلۆ چاپدەکرێت بە هێلێکی ستوونی هێمای پارێزگا و ساڵ و ژمارەی تابلۆی جیادەکرێتەوە .

٢- کۆدی پارێزگا بە هێمای (-) لە ساڵی دەرچوونی تابلۆ جیادەکرێتەوە .

٣- کۆدی پارێزگا لەلای چەپی سەرەوەی تابلۆ و ساڵی دەرچوونی تابلۆ لە لای ڕاستی سەرەوەی تابلۆوە بەشێوەی ئاسۆیی چاپ دەکرێت .

٤- ژمارەی تابلۆی هەناردەکردن ئۆتۆمبێل لە ژێر کۆدی پارێزگا و ساڵی دەرچوونی بە شێوازی ئاسۆیی چاپ دەکرێت .

٥- پێدانی زنجیرە ژمارەی تابلۆی (هەناردەکردن) ساڵانە لە ڕێکەوتی (١/١)ی هەموو ساڵێک دەستپێدەکات و لە ڕێکەوتی (١٢/٣١)ی هەمان ساڵ کۆتایی دێت بە هەمان سیستەمی پەیڕەوکراو تایبەت بە (تابلۆی کاتی) بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی٢٠٢٥ هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٢ و نووسراومان ژمارە(٣٧٥٢٥ لە٢٠٢٥/١١/٢٧).

٦- ژمارەی تابلۆی هەناردەکردن لە پێنج خانە پێک دێت (دوو پیت لەلای راستی خوارەوەی تابلۆ + سێ ژمارە لەلای چەپی خوارەوەی تابلۆ) .

٧- تابلۆی هەناردەکردن دەبەسترێت لە کاتی هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق لە دەروازە سنوورییەکان .

ماددەی (٣):

زیادکردنی بڕگەی(شەشەم) لە ماددەی هەشتەم لە ڕێنمایی ژمارە (٢ی ساڵی٢٠٢٢) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

شەشەم: ڕەنگی باکگراوندی تابلۆی هەناردەکردن بە ڕەنگی(زەرد) دەبێت .

ماددەی (٤):

ئەم ڕێنماییە هەمواریە لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ